Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خانەنشینیدان (Pension Age Winter Heating Payment)

**بڕە پارەی گەرمکردنەوە بۆ ئەو کەسانەی لە تەمەنی خانەنشینیدان لە زستاندا چییە؟**

بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خانەنشینیدان بڕە پارەیەکی ساڵانەیە بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانی کە لە تەمەنی خانەنشینیدان تاوەکو بتوانن پارەی بیلی گاز و کارەبا بدەن.

ئەو بڕە پارەیەش لەجیاتی بڕە پارەی سوتەمەنی زستان دەدرێت کە لەلایەن فەرمانگەی کار و خانەنشینی (Department for Work and Pensions - DWP) سکۆتلاندەوە دەدرێت.

**کێ ئەو بڕە پارەیە وەردەگرێت؟**

کەسانی خانەنشینی دەوڵەت لە سکۆتلەندا کە لە ۲۱ی سێپتێمبەری ۱۹۵۹ یان پێش ئەو بەروارە لەدایکبوون، لە زستانی ۲۰۲٥/۲۰۲٦ پارەکە وەردەگرن.

ئەگەر داهاتەکەیان زیاتر بێت لە ۳٥ هەزار پاوەند و باجی لەسەربێت، ئەوا فەرمانەگەی باج و دەرامەت (HMRC) پارەکە لە ڕێگەی سیستەمی باجەوە وەردەگرێتەوە.

**ئایا هاوڵاتیان پێویستە داوا پێشکەش بکەن؟**

زۆربەی هاوڵاتیانی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پارەکەیان پێدەدرێت و پێویست ناکات داواکاری پێشکەش بکەیت.

**ئایا بڕە پارەکە چەندە؟**

ئەو کەسانەی کە شیاوی ئەم بڕە پارەیەن لە نێوان ۱۰۱.۷۰ پاوەند بۆ ۳۰٥.۱۰ پاوەند وەردەگرن بەپێی بارودۆخەکانیان لە ماوەی ئەو هەفتانەی کە شیاوی وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیەن (۱٥ بۆ ۲۱ی سێپتێمبەری ۲۰۲٥).

**چۆن و کەی پارەکە دەدرێت؟**

زۆربەی هاوڵاتیان پێویستیان بە هیچ شتێک نییە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پارەکە دەخرێتەسەر هەمان ئەژمێری خانەنشینی دەوڵەت یان موچەکانی (بەنەفێتیەکانی) ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا.

لە مانگی نۆڤەمبەری دووەمی ۲۰۲٥ەوە پارەدان دەستپێدەکات و بە درێژایی زستان بەردەوام دەبێت.

هەروەها ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خانەنشینی دەوڵەت زیاترە و داهاتیان زیاترە لە ۳٥ هەزار پاوەند و شیاوی باجدانن لەو داهاتە ئەوا پارەکە وەردەگرن. بەڵام دواتر پارەکە لەلایەن فەرمانگەی باج و دەرامەتەوە (HMRC) وەردەگیرێتەوە.

**ئایا فەرمانگەی باج و دەرامەت (HMRC) چۆن داهاتی هاوڵاتیانی لێکدەداتەوە؟**

داهاتی ساڵانە بەرێژەی ٣٥ هەزار پاوەند بە داهاتێک هەژماردەکرێت کە دەبێت باجی لێبدرێت. بۆ نموونە: خانەنشینی دەوڵەت، خانەنشینی تایبەت، پاشەکەوت و وەبەرهێنانی دامەزراندن و هەژماری پاشەکەوتکردن.

هاوڵاتیان دەتوانن ئامرازێکی ئۆنلاین بەکاربهێنن کە لە mygov.scot/pensionheating بەردەستە بۆ ئەوەی بزانن ئایا داهاتەکەیان لە سەرووی ئاستەکەوەیە و چۆن فەرمانگەی داهات و گومرگ (HMRC) وەریدەگرێتەوە.

**کەی فەرمانگەی باج و دەرامەت (HMRC) پارەی گەرمکەرەوەی زستانە تەمەنی خانەنشینی وەردەگرێتەوە کە دەدرێت بەو کەسانەی داهاتیان زیاترە لە 35,000 پاوەند؟**

فەرمانگەی (HMRC) بۆ ئەو کەسانە نامە دەنووسێت کە زانیاری زیاتریان بۆ دەنێرێت. پارەکە بە کۆدی باجی (PAYE) وەردەگیرێتەوە. ئەو کەسانەی کە خۆهەڵسەنگاندن بەکاردەهێنن دەبێت پارەی گەرمکەرەوەی زستانە تەمەنی خانەنشینی خۆیان وەک داهات لە فۆڕمی باجەکانیاندا دابنێن.

**ئایا هاوڵاتیان دەتوانن بۆ خۆیان وەرگرتنی پارەکە هەڵبژێرن؟**

بەڵێ. هاوڵاتیان دەتوانن ئەوە هەڵبژێرن کە داهاتووشدا سودمەندبن لە بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خانەنشینیدان دەتوانیت بزانیت چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدەیت لەڕێگەی چوونە سەر ماڵپەڕی: mygov.scot/pensionheating

**ئایا وەرگرتنی پارەکە کاریگەری لەسەر موچەکانی (بەنەفێتەکانی) تر دەبێت؟**

نەخێر. وەرگرتنی پارەی گەرمکەرەوەی زستانەی تەمەنی خانەنشینی کاریگەری لەسەر هیچ موچەیەکی (بەنەفێتی) تر یان هەڵسەنگاندنی باج نابێت.

هاوڵاتیان پێویستە لە گۆڕانکاری بارودۆخیان فەرمانگەی کار و خانەنشینی (DWP) ئاگاداربکەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر چوون بۆ خانەی چاودێری یان ئەگەر لەگەڵ کەسێکی تردا ژیان کە شایستە بێت بۆ وەرگرتنی ئەم بڕەپارەیە، بۆ ئەوەی دڵنیابن کە بڕی پارەکە بە درووستی وەردەگرن.

**ئایا کێ لەوانەیە پێویستی بە پێشکەشکردنی داواکاری پارەکە هەبێت؟**

لەوانەیە هاوڵاتیان پێویستیان بە داوای پارەی گەرمکەرەوەی زستانە لە تەمەنی خانەنشینیدا بکەن ئەگەر:

- خانەنشین بوونی خۆیان دواخسبێت
- ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بەڕێوەبردنی هەندێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت) لە سکۆتلەند لەبەڕێوەبەرایەتی کار و خانەنشینی (DWP) وەردەگرێتەوە.
- یونیڤێرسەڵ کریدت (Universal Credit)، ئینکەم سەپۆرت ,Income Support، پارەی خانەنشینی Pension Credit، جۆب سیکەرس ئەلاوەنس لەسەر بنەمای دەرامەت (JSA)، دەرماڵەی کاردۆزینەوە و پشتگیری پەیوەندیدار بە دەرامەتەوە (ESA)، هاوسینگ بەنەفێت Housing Benefit (تەنها بێست ستارت گرانت Best Start Grant و بێست ستارت فوودس (Best Start Foods

**هاوڵاتیان چۆن دەتوانن داوا پێشکەش بکەن؟**

بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بڕەپارەی گەرمکەرەوەی زستانی تەمەنی خانەنشینی هاوڵاتیان دەتوانن یان پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا بکەن بە خۆڕایی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٨٠٠١٨٢٢٢٢٢) بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە داواکاری پێشکەش بکەن یان داوای وەرگرتنی فۆڕمی داواکاری کاغەزی بکەن کە بۆیان بنێردرێت.

دوا مۆڵەت بۆ پێشکەش کردنی داواکاری بۆ ئەم وەرزی زستانە بەرواری ٢٠٢٦/٣/٣١.

## پەڕەی زانیاری

## ئایا هاوڵاتیان دەکرێت چەند وەربگرن؟

| ئایا کێ لە ماڵەکەدا دەژیەت؟ | ئایا تەمەنیان چەندە؟ | ئایا ئەوان چەند وەردەگرن؟ |
|---|---|---|
| کەسێک کە لە سەرووی تەمەنی خانەنشینیەوە بێت | خوار ٨٠ ساڵ | ٢٠٣.٤٠ پاوەند |
| | تەمەنی سەرووی 80 ساڵی | ٣٠٥.١٠ پاوەند |
| زیاتر لە کەسێک لە تەمەنی خانەنشینیەوە بن | هەردووکیان لە خوار تەمەنی ٨٠ ساڵییەوە بن | ١٠١.٧٠ پاوەند |
| | هەردووکیان لە سەروی ٨٠ ساڵییەوە بن | ١٥٢.٥٥ پاوەند بۆ هەر یەکێک |
| | ئەگەر یەکێکیان لە خوار ٨٠ ساڵییەوە بێت و یەکێکیشیان لە سەرووی ٨٠ ساڵییەوە بێت | ئەو کەسەی کە لە خوار ٨٠ ساڵییەوە بێت بڕی ١٠١.٧٠ وەردەگرێت و ئەو کەسەشی لە سەرووی ٨٠ ساڵییەوە بێت ٢٠٣.٤٠ وەردەگرێت. |
| ئەگەر دوو هاوسەر بەیەکەوە داوای خانەنشینیان کردبێت | هەردووکیان لە خوار ٨٠ ساڵییەوە بن | ٢٠٣.٤٠ پاوەند بە یەکجار وەردەگرن |
| | ئەگەر لە سەرووی ٨٠ ساڵییەوە بن | ٣٠٥.١٠ پاوەند بە یەکجار وەردەگرن |
| ئەو کەسانەی کە موچەیەکی (بەنەفیتێکی) دیاریکراو وەردەگرن | لە خوار تەمەنی ٨٠ ساڵییەوە | بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەگەڵ کێدا دەژین، ٢٠٣.٤٠ پاوەند وەردەگرن |
| | پێویستە تەمەنی لە سەرووی 80 ساڵیدا بێت | بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەگەڵ کێدا دەژین، ٣٠٥.١٠ پاوەند وەردەگرن |
| ئەو کەسانەی کە لە خانەی چاودێری دەژین **و** **موچە (بەنەفیت) وەرناگرن** . | لە خوار تەمەنی ٨٠ ساڵییەوە. | ١٠١.٧٠ پاوەند وەردەگرن. |
| | پێویستە تەمەنی لە سەرووی 80 ساڵیدا بێت | ١٥٢.٥٥ پاوەند. |
| ئەو کەسانەی کە لە چاودێری نیشتەجێبووندا دەژین و هەندێک یارمەتی وەردەگرن* شایستەی پارەی گەرمکەرەوەی زستانە تەمەنی خانەنشینی**نین** | | |
| *موچەکان (بەنەفیتەکان): پێنشن کرێدت (Pension Credit)، یارمەتی گەڕان بەدوای کاردا لەسەر بنەمای داهات (Income-based Jobseeker's Allowance (JSA))، یارمەتی دامەزراندن و پشتگیری پەیوەست بە داهات (Income-related Employment and Support Allowance) | | |

## هاوڵاتیان چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی:
contactscotland-bsl.org

وێبچات:
chat.socialsecurity.gov.scot

بەخۆرایی تەلەفونمان بۆ بکە: (٠٨٠٠١٨٢٢٢٢٢)

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست:
١٨٠٠ +٠٣٠٠٢٤٤٤٠٠٠
(بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

فۆڵۆوی دڵنیایی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندا (Social Security Scotland) بکە